# خودا دەفەرموێت: ئەگەر بەندەکەم ویستی خراپەیەک بکات؛ ئەوا لەسەری مەینووسن هەتا ئەنجامی دەدات، ئەگەر ئەنجامیدا ئەوا وەکو خۆی بینووسن، وئەگەر لە پێناو من وازی لێهێنا؛ ئەوا چاکەیەکی بۆ بنووسن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: خودا دەفەرموێت: «ئەگەر بەندەکەم ویستی خراپەیەک بکات؛ ئەوا لەسەری مەینووسن هەتا ئەنجامی دەدات، ئەگەر ئەنجامیدا ئەوا وەکو خۆی بینووسن، وئەگەر لە پێناو من وازی لێهێنا؛ ئەوا چاکەیەکی بۆ بنووسن، وئەگەر ویستی چاکەیەک ئەنجامبدات بەڵام ئەنجامی نەدا؛ ئەوا چاکەیەکی بۆ بنووسن، وئەگەر کردەوەکە چاکەکەی ئەنجامدا؛ ئەوا دە چاکەی بۆ بنووسن هەتا حەوت سەد هێندە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرمانە لە لایەن خوای گەورەوەیە بۆ فریشتەکان ئەوانەی کە سپێردراون بە بژاردنی کردەوەکانی مرۆڤ ونووسینیان، وئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر فەزڵی خوای گەورە بەسەر مرۆڤەکانەوە، ولێخۆشبوون لێیان بەهۆی کەموکورتیانەوە. دەفەرموێت: (ئەگەر بەندەکەم ویستی خراپەیەک بکات؛ ئەوا لەسەری مەینووسن هەتا ئەنجامی دەدات): وکردەوە لێرەدا لەوەیە مەبەست لە کردەوەی دڵ وئەندامەکان بێت، وئەمیش واتای ئاشکرایە؛ چونکە بەڵگە هاتووە لەسەر ئەوەی کە کردەوەی دڵ لەوەیە مرۆڤ لێپرسینەوەی لێبکرێت لەسەر ئەنجامدانی، وبە پێی کردەوە پاداشت بە چاکە یان خراپە دەدرێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَن يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍ بِظُلْمٍ نُذِقْهُ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ}واتە: {وهەرکەسێک بیەوێت لەوێ (لە مزگەوتی حەرام) مەیلی لە هەق لادان زوڵم وستەم بکات ئەوا پێی دەچێژین لە سزاری ئازاردەر}، ولە فەرموودەیەکی سەحیح هاتووە: («إذا التقى المسلمان بسيفهما فالقاتل والمقتول في النار» ، قالوا: هذا القاتل، فما بال المقتول؟ قال: «إنه كان حريصاً على قتل أخيه») واتە: (ئەگەر دوو مسوڵمان ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە بە شمشێرەکانیان ئەوا بکوژ وکوژراو لە دۆزەخدان. ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوا زانیمان سەبارەت بە بکوژەکە، ئەی بۆچی کوژراوەکە دەچێتە دۆزەخەوە؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «چونکە ئەو سوور بوو ومەبەستی کوشتنی هاوەڵەکەی بوو»). ئەم دەقانە وهاوشێوەکانی دەگونجێن بۆ ئەوەی بەڵگەی گشتی تایبەت بکرێت. (ئەگەر بەندەکەم ویستی خراپەیەک بکات؛ ئەوا لەسەری مەینووسن هەتا ئەنجامی دەدات): ئەم تێگەیشتنە پێچەوانەی ئەم دەقەیە نییە کە کردەوەکان نانووسرێت هەتا ئەنجامدەدرێن، چونکە نیەت وپێداگیر بوون لەسەر ئەنجامدانی کردەوەیەک لە دڵدا لە خۆیدا کردەوەیە. (ئەگەر ئەنجامیدا ئەوا وەکو خۆی بینووسن): واتا یەک خراپە بنووسن، خوای گەورە دەفەرموێت: {مَن جَاء بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا وَمَن جَاء بِالسَّيِّئَةِ فَلاَ يُجْزَى إِلاَّ مِثْلَهَا وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ} واتە: {هەرکەسێک چاکە بکات ئەوە (لەڕۆژی دواییدا) دە هێندەی چاکەکەی پاداشتی بۆ هەیە، وهەرکەسێک خراپە بکات ئەوە تۆڵەی لێ ناسێنرێت تەنها بەوێنەی خۆی نەبێت وئەوانە ستەمیان لێناکرێت}، وهەروەها دەفەرموێت: {مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلا يُجْزَى إِلاَّ مِثْلَهَا وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ}.} واتە: {هەرکەسێك كاری خراپەی کردبێت هەر بە ئەندازەی خراپەکەی سزا دەدرێت، هەرکەسێکیش چاکەی کردبێت ئافرەت بێت یان پیاو (بەو مەرجەی) باوەڕدار بێت؛ ئا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوە لەوێدا بەبێ ژمارە وبڕ ڕزق وڕۆزییان پێدەدرێت}. (وئەگەر لە پێناو من وازی لێهێنا؛ ئەوا چاکەیەکی بۆ بنووسن): وازهێنان لە ئەنجامدانی کردەوەکە بەستراوە بەوەی کە لە پێناو خوای گەورە وازی لێبهێنێت، واتە: لە ترسی خودا، ولە ترسی سزای خودا، و بەهۆی شەرمکردن لە خودا، بەڵام ئەگەر وازی لێهێنا بەهۆی نەتوانین، یان لە ترسی خەڵکی، یان بەهۆی هەر هۆیەکی ترەوە، ئەوا لێرەدا هیچ چاکەیەکی بۆ نانووسرێت، بەڵکو لەوەیە خراپەکەی بۆ

بنووسرێت. (وئەگەر ویستی چاکەیەک ئەنجامبدات بەڵام ئەنجامی نەدا؛ ئەوا چاکەیەکی بۆ بنووسن، وئەگەر کردەوەکە چاکەکەی ئەنجامدا ئەوا دە چاکەی بۆ بنووسن هەتا حەوت سەد هێندە): ئەمیش فەزڵی خوای گەورە وبەخشندەیە بەسەر بەندەکانیەوە کە بەردەوام مینەتی هەیە بەسەریانەوە، حەمد وسوپاس بۆ ئەو زاتە مەزنە، ئایا چی ڕێزگرتن وبەخشینێک هەیە لەمە زیاتر، تەنها بە ویستن وپێداگیر بوون لەسەر ئەنجامدانی چاکە خوای گەورە بە چاکەیەک دەینووسێت، وئەگەر چاکەکە ئەنجامبدات ئەوا دە هێندەی بۆ دەنووسێت هەتا حەوت سەد هێندە. لەم فەرموودەیەدا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە خوای گەورەوە دەیگێڕێتەوە کە پەروەردگار دەفەرموێت: (خوای گەورە دەفەرموێت: ئەگەر بەندەکەم ویستی)، وئەم وتانە لە شەریعەتی خودان کە پەیمانی پاداشتی بۆ بەندەکانی تێیدا باسکراوە، وفەزڵ ومینەتی خۆی باسدەکات بەسەریانەوە، وئەم فەرموودەیە قورئان نییە، بەڵکو پێیان دەووترێت: فەرموودەی قودسی، ودروستکراو نین (مەخڵوق نین)، چونکە وتەکانی خوای گەورە دروستکراو نین (مەخڵوق نین).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8314